# گەمەی میتاگێڕانەوە لە ڕۆمانی ئەفسانەی ڕەنگستان

**عەلی شێخ عومەر**
**(کەرکووک)**
**( ٢- ٢ )**

## گەمەی ڕۆمان و ڕەهەندەکانی پەیکەر


ئەگەر بەگوێرەی قسەی جان ڕیکاردۆ بێ، لە زمانی گێڕەرەوە ڕۆمان زیندەوەرێکی وێژەیی بێ، ئەوە لای ڕۆلان بارت زیندەوەرێکە لە کاغەز، لە پاش زارەگۆییەک لەنێوان نووسەر و خوێنەری شارەزادا، بە کورتی کەرەستەکانی ڕۆمان لەخۆی مارەدەکات، بە دۆزینەوەی پێوەندییەکی تر، بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی تر، ئاوێتەی هەمان تەوەری نووسینی ڕۆمانەکەی دەکات، لە سێ ڕەنگی جیاواز، سێ پەیکەری دروست کردووە، هەر یەکەیان بە ناوێک، یەکەم سوورە بە عەزیز، دووەم پرتقاڵییە بە یەشار (ئاپۆ)، سێیەم کەسکە بە عەلی (ماملێ) دەناسێنێ، یەکەم زمانی فارسی و تورکی، دووەمیان عەرەبی و فارسی، سێیەم تورکی و عەرەبی نازانێ، بۆ گفتوگۆ پێویستیان بە زمانی دایکزایانە، نە تورکی، عەرەبی و فارسییە، کوردییە.

ڕەنگە جیاوازەکانی چەوساندنەوە، سێبەری تراژیدیای ڕامیاری زمانی کوردی دایک نەبێ، هیچ زمانێکی تر ناتوانێ بۆشایی نێوانیان پڕکاتەوە، ئەمانە هەرسێکیان نووسەرن، یەکەمیان باشوورییە لەو گەرمیانە لە ڕۆخی ئاوەسپی داری قولاپ و تۆڕکەیەکی ماسیگرتنی پێیە، بەر شالاوی کۆمەڵکوژی کەوت، بە ئەنفالی هەشت ناسراوە، دووەمیان باکوورییە، قەڵماسنگێکی پێیە جار ناجارێک دەشریقێنێ، سێیەمیان لوڕستانییە، تاپڕی دوو لوولەی پێیە، جیاوازی لە ڕاوی ئاوی، یان شکاری ئاخی و ئاسمانی ناکات.

ئەم سێ کەسە لە پێوەندییەکدا هەر کەسێ بە زاراوەی خۆی دەدوێت، بۆ نموونە ماملێ بە زمانی لوڕی دەدوێت، لە ئامێزی دیالۆگێکدا، ڕۆدەچنە نێو سەدەی شەشەمی پێش زایین ئەستوورەی (نینۆس)ی زۆردار دەگێڕنەوە، دوایی دێنە سەر ئەوەی فارابی ئازەرییە، ڕازی ئێرانییە، غەزالی ئەفغانییە، سینا-ش خەڵکی بوخارایە، کندی جوو بوو، ئیبن خەلدوون ئەمازیغییە، لەبەر ئەوەی نووسینیان بە زمانی عەرەبییە بوونەتە موڵکی ئەو زمانە، لە کاتێکدا ئەمانە بە بیر و زانست خزمەتی ئەو زمانەیان کردووە، کەچی زانایان و نووسەرانی خۆیان، سەیرکەن

سەلیم چی دەربارەیان دەڵێت، ئەبوو عەلای مەعەڕی ناچاربووە بەشێک لە کتێبەکەی زانستی مەنتیق لە گۆڕەکەیدا بنێژێت، ئەبوو حەیانی تەوحیدی زۆربەی نووسراوەکانی سووتاند، ئەبوو داود تائی دەستنووسەکەی هاویشتە دەریاوە.. تاد، بە لێبڕینێکی گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ، لێرەدا بە ئاماژەدان بە دەرکەوتنی هەڵۆ وەک دالێک، مەدلوولە بە گرێدان، بە دیوێک بە کرانەوەی چیرۆکەکەی مانی و هێمابوونی خانای لەپزێرین بە هەڵۆ، بە دیوێکی تر بە کرانەوە لە ئاست خوێنەر و تێکشکانی زەمەنی نێوانیاندا، گێڕانەوەی لەتەک چیرۆکی مانی و هەڵۆ ملکەچی ڕستی بە نۆرە دەبێ، بۆیە لە بیناسازی گێڕانەوەدا درک بە پێوەندیی پێکهاتەیەک لەنێوان هەردوو چیرۆکەکەدا دەکەین، لەپڕ نزیک کاولە ئاواییەک سێبەری هەڵۆیەک بەژوور سەریانەوە گوزەری کرد، ماملێ ساچمە زەنەکەی ئاراستەکرد، ئاپۆش بەردەقانییەکەی تێ سرەواند، بەرد و ساچمە بە فیرۆچوون، سەلیمی باشووری لە خەنینەوە، ئازایەتی و نەبەردی سەلامەتی هەڵۆکە، لە فرمێسکدا هەڵە و ئاراستەی ئەوانی خوێندەوە، جارێکی تر هاتەوە، بەسەریاندا خولایەوە، وەک ئەوەی بیەوێت یەکیان خات، گەر بە دوای خۆی نەیانهێنێتە ئەو خانگە جێماوەی نزیک ئاوەسپی، ئەوە دەبێتە خەونێک و لەبیری دەکەن.

مەرج نییە ڕای کارەکتەری میتاڕۆمان لەتەک خەیاڵگەی خوێنەر، یان نووسەردا یەک بێتەوە، بۆیە بڕیاری چوونی ئەو سێ نووسەرە بۆ خانگە جێماوەکەی ئاوەسپی، بە ئا و نا بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، خوێنەری هۆشیار بە توانایی گێڕانەوەی سەرسام دەبێ، نووسەر پرسیاری ئەوە دەکات ئەو هەڵۆیە بۆ خۆی بەو کەلاوەیەدا کرد، لە هاوشانی ئاوەسپی بە دوایدا بچن، مەژگی ئاپۆ بۆ سەردەمی هەتیتەکان گەڕابووەوە، لە شوێنەواری حەسەنکێف دەسووڕایەوە.



عەبدوڵڵا سەڕاج

مێشکی سەلیم لەو پێستە نووسراوەی دەکۆڵییەوە کە تۆماری هێرشی سەر شارەزوور و پاوەی تێدابوو، ماملێش هۆشی لای شانامەی فیردەوسییە، کە دوایین فەرمانڕەوای میدییەکان ئاستیاک لەلایەن (کۆروش)ی فارسەوە لادرا، ڕەگەزپەرستەکان کۆروش بە کاوە، (ئاستیاک) یان بە ئەژدەهاک داناوە، ئیتر لە گێڕانەوەی هەڵۆکە و جووڵە پێکردنی ئەو سێ کارەکتەرە، کە ژیانی پێ بەخشین بە چڕی و پڕی ئەو سیمبۆل و ئاماژانە ڕوون دەکاتەوە کە بۆ چ مەبەستێ لە دەرەوەی شوێن و زەمەندا ڕەخساندی، تا ئێمە و خوێنەری هاوبەش بە ئەزموونێکی نوێدا تێپەڕێنێ، کە ئاماژە بە هێرشەکەی پێر هاربەری نێوان ژاپۆن و ئەمریکا دەکات، دەڵێت ئێستا کاتی نییە، بە ڕێنمایی خۆی هەر لە ڕەنگگرتنەوە شێلانی قوڕی ئەو سێ پەیکەرە کە لە سێ کارەکتەری سێ ڕەنگدا خۆیان نمایش کرد، سوور، پرتەقاڵی و سەوزبوو، تێکەڵکردن و هەڵکێشانیان لە نێو ئاودا بە خوێنەری هاودەمی دەسپێرێ، ڕەنگی بۆری لێ دەرچوو، ئەم قوڕە بۆ دروستکردنی

هەڵۆیــەک باشــە ڕات لێیــە لــە بڵندایــی ئــەم جامخانــە کتێبانــەی دانێــن.

حیکایەتخـوان بـە سـوود وەرگرتـن بـە دۆنـاودۆن لـە یەکبوونێکدا توانـی گیانـی هەر سـێ نووسـەرەکە سـەلیم، ئاپـۆ و ماملـێ لـە هەڵۆکـەدا زینـدوو بکاتـەوە، لـە هەمـان کاتـدا کاتـێ مانـی و خانـی لەپزێڕیـن بـە یەکدی شـاد دەکات لە هاوسـەنگییەکدا ڕایەڵەکانـی هێـزی هونـەر بـە ڕایەڵەکانـی سـیمبۆلی نیشـتمانی پەیوەسـت دەکات، لـە کاتێکـدا دۆزی نیشـتمانیبوون، لـە ڕێچکـەی هاوبەشـی یـەک زمانـدا توانـی هـەر سـێ کارەکتەرەکـە لـە یەک چارەنووسـی پاکدا کۆبکاتـەوە، هـەر سـێ سـنوورەکەی عەرەبـی و فارسـی و تورکـی ببەزێنـێ، گیانـی ئـەو سـنوورە ناپاکانـە ببەزێنـێ کـە لـە نووسـینی سـێ جـۆرە فاوسـتدا خۆیـان نمایـش دەکـەن، یەکەمیـان لەلایـەن (ویدمـان)ی ئەڵمانییـە، دووەم لـە لایـەن کریسـتۆفەر مالرۆیـە، سـێیەمیان (یوهـان گووتـێ) یـە، بۆیـە نەفـرەت لـەو فاوسـتانە دەکات، بـە فڕیـن هانـی هـاوڕێ خوێنەرەکەشـی دەدات، بەشـکوو ببێتە مانیـی سـێیەم.

خوێنـەرە هاوڕێکـەی لەمـەڕ پاراسـایکۆلۆجییەوە پرسـیاری لـێ دەکات، نووسـەر دوای ئافەریـن دەڵێـت بـا پێکـەوە خـەون ببینیـن کەسـانێک دروسـت بکەیـن، وابزانـە لـە ئەورووپایـن لـە دەڤەرێکـی نێـوان فەرەنسـا و سویسـراین، باسـی چەنـدان زانـای فیزیکـی و پرۆفیسـۆر دەکات، وەک مسـتەر هێگر، ڕێدەر، پیتـەر هێگز، ئابداڵ، لین ئیڤانـزی، بریـان کۆکس، سـتیڤن هۆکنگ، لە زمانی هەریـەک لـەم زاتانـەوە سـەرە باسـێک دەکاتـەوە، وەک چۆنیەتـی هاتنەکایـەی مـاددە، ڕوانگـەی هابکـی ئاسـمانی، گەلاکسـی، تەقینـەوە مەزنەکـەی بگبانگـە، پەیدابوونـی ژیـان، ئەمانـە هەنـدێ جـار لـە جیـاوازی تێڕوانینـی نێـوان خۆیانـدا گفتوگـۆی جیاوازدەکـەن، میوانـداری نووسـەر و هەواڵەکـەی دەکـەن، لـە کۆتایـی دیمانەکـەدا وێنەیەکـی پێنـج قۆڵـی دەگـرن، لـە گرێدانێکـدا هاوشـێوەبوونێک لـە بەیـەک گەیشـتنی دووجەمسـەری جیـاوازدا بـەدی دەکەیـن، لـە ئاسـت مانـاوە، لـە چۆنیەتـی هاتنـە کایـەی دەقـەوە، ڕوانگـەی نووسـەر لـە تەقینـەوەی زمانـدا، هیچـی کەمتـر نییـە لـە تەقینـەوەی بگبانگـە، لـە پەیدابوونـی خوێنـەر کـە لە ئاسـمانی دەقـدا دەژێـت و دەبووژێتـەوە.

## میتاڤیکشن و ئەفسانەی کچە کافرۆشی

بگێڕێـرەوە بـۆ نووسـینی پـاری چـواردەی ڕۆمانەکـەی، ئـەم جارەیـان لـە دیمەنـی گرتەیەکـی سروشـتەوە، لـە هەسـتی تەنیاییـەوە کاتـێ خەریکـی نیگارێکـی نیوەچڵ بـوو، بیـری بـۆ ئـەو پیرەژنـە دەچێت، چـۆن توانـی دەرگای داڵانەکـەی بکاتـەوە، ئەوەتانـێ چـاوی لـێ ناترووکێنـێ، داوای دانوسـتانی لـێ دەکات، کەوتـە پاککردنـی ئـەو سـیازدە پـارەی کـە لەتـەک خوێنـەردا نووسـیبووی، لەنـاکاو پیـرەژن ڕوخسـاری گـۆڕا و بـووە وێنـەی کیـژە کافرۆشـی، لـە تـاو خورپـەی ئـەو جوانییـەدا، لـە داهێنانێکدا بـە دیوێـک خـۆی لـێ دەبێتـە ئەرخەمیـدس، بـە جوانـی چارەسـەری هـەژاری سـۆماڵ و دارفـۆر دەدۆزێتـەوە، بـە دیوێکـی تـر دەیکاتـە شـەوچراغی داوود پێغەمبـەر، هـەر لەبـەر ئەمەشـە ئـەو حەمکـە شـیعری ئیرۆتیکییـە لـە تەوراتـدا هۆنراونەتـەوە، بـە دەنگی ئەفسـووناوی هاتـە دەنـگ "فەرمـوو لـە میوانـی ناوەختـە ناکەی" ڕۆمـان لا ١١٨، چـووە ژوورەکـەم، لەسـەر کورسـییەک دانیشـت، پرسـیاری نـاوی دەکات، چ ناوێکت پـێ خۆشـە با ئەوبـێ، کەنگێ و چـۆن هاتیتـە ماڵەکەمـەوە، نووسـەر مەبەسـتی ئەوەیـە چـۆن هاتـە نێـو ڕەگـەزی خوێنـدووم، ئەمـەش بـەو مانایـە دێ، کـە ئـەم کارەکتـەرە بوونەوەرێکـی خەیاڵـی دروسـتکراوی بنووسـە،

لە بووژاندنەوەی میتاگێڕانەوەدا، دەکرێ لەنێوان ڕیالیست و بەخەیاڵکراو، گوێزانەوە ئاماژەیەک بێ بۆ پەیدا بوونی ململانێی کارەکتەرێک، کە لە ڕاکێشانی خوێنەردا، گومانێک لە دیدەی سروشتی ڕاستییەک فەراهەم دەکات، لە کاتی گۆڕیندا چەمکی بە گومانکراوی تێدا جێگیر دەکات، بەوەی ڕاستینە و مانایەکی جێگیرمان نییە.

ئەوەی نووسراوە و دەنووسرێ، لە نووسینی ئەم ئەنتی ڕۆمانەدا، ئەوەی لە بارەی پیرەژنەوەیە، ئایا بووەتە واقیع، یان دەرخەری خەیاڵێکە، بەرهەمی وەهم و وڕێنەیەکە، کە هەرگیز ڕووی نەداوە، لە پاش چرکەیەک، چاوی نووقاند و کردییەوە، هەمان پیرەژنی کەپوو درێژ و ددان شاشەکەی، ئەو دیو پەنجەرەکەیەتی، بەرانبەری دانیشتبوو، وێناکردنی ململانێی نێوان دەقی میتاگێڕانەوەی دانەر و کارەکتەر لە دژەڕۆماندا، بە زۆرەملێ ئاوێزانی خوێنەر دەبێ، ئەمەش دەرخەری گەمەیەکە، دانەر لە ڕێگای ململانێ و دیالۆگێکەوە، پیرەژن لە دوازدە خاڵدا ئاشکرای دەکات، بۆ بەرچاو ڕوونی، نزیکبوونەوە لە سەرەداوی چیرۆکەکانی، ناچارین بە کورتبڕی ئاماژە بە دەستەواژەی زۆربەی دەقەکان بکەین، بۆیە لێرەدا لەبەر گرنگی ئاماژە بە خاڵەکان دەکەم، یەکەم کیژی کافرۆشیم پێ نیشاندایت، لە خۆتی مارەکە، دووەم گەنجینەی قاروونت لەکن کەڵەکە دەکەم، سێیەم کڵاوی سەخرەجنت لەسەر دەنێم، ئیتر کەس ناتبینێ، چوارەم بۆ فڕین جووتێ باڵت لێ دەڕوێنم، پێنجەم تیژترین چاوی هەڵۆت پێ دەبەخشم، شەشەم دوور دەبی لە هەموو نەخۆشییەک، حەوتەم دەتکەمە دەسەڵاتداری ئەو شارەی کە دەتەوێ، هەشتەم دەتکەمە کیمیاگەر و ئەفسوونزان، دەستت بۆ ئاو برد ببێتە شەراب، نۆیەم دۆناودۆنت پێ دەکەمە تافی نەوجەوانی و لاوی، دەیەم هەمیشە لە بەهاردا دەبی، یازدەیەم لە زمانی زیندەوەرانی ئاوی، ئاسمانی، زەمینی و ژێرزەمینیش بزانی، دوازدەیەم ئەو خەرەکە خەون ئامێزەت پێ دەبەخشم کە پێی هاتمە حەوشەکەت، یان بۆ هەر شوێن و سەردەمێکی تر، ئەگەر بتەوێت چیی تریشت بوێت لە خزمەتم.

ڕێسای ئەم دوازدە خاڵە، هاوسەنگی خاڵەکانی ئەو دوازدە پاژەیە، دانەر لە نووسینی دژەڕۆمانەکەیدا بەکاری هێناوە، دانەر فاوست دەهێنێتە بیری ئەو خوێنەرەی کە لە پاژەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کردبوو کە هاوشێوەی پیرەژنەکەیە، هەڵبەت ئەم پیرەژنە، ڕمۆزنی شەیتانە، بۆیە لە دواجاردا داوای ئەو دەفتەرەی لێ دەکات کە ڕۆمانەکەی تێدا نووسراوە، بە تووڕەیی بەرپەرچی دەداتەوە، مەسیحی بیردێتەوە، سامانی دنیا بە کەڵکی چیی دێ، گەر تۆ ڕەوانیی خۆت بدۆڕێنی، ئەم دەستنووسە ڕەوانیی ئێمەیە، کەواتە لە ئاست نەگوتراودا عەبدوڵڵا سەڕاج خۆی بە شوێنگرەوەی مەسیح دەزانێ، لە پاش مشتومڕێکی زۆر پیرەژن زانی هەوڵەکانی بێ سوودن، بە کردەی دۆناودۆنی بە دەعبایەکی قێزەون گوشار دەخاتە سەری، هەڕەشەی لێ دەکات، لە ئاست سەمتی بەکارهاتووی ڕۆمانەکە، پێشنیازی ئەو دوازدە خاڵەی پیرەژنەکە، دەبێ چ فاکتەرێک هەبێ، دانەر نەک پێی قایل نییە، بەڵکوو دەمارگیریشە، بنجبڕانە ڕەتی دەکاتەوە، ئایا خوێنەری کارا، بەشداربووی دەق، وەک دانەر لە خاڵەکاندا، درک بەو چەوتبینییە دەکات، کە پیرەژن دیەوێ دەق و خەیاڵی داهێنەرانەی نووسینی ڕۆمان، لە نووسەر بسێنێ، باوەڕی مەسیحی لەق بکات، ڕایکێشێتە نێو واقیع، بە مردنی خەیاڵ واقیعی بەرخۆر زیندووبکاتەوە.

ئەمە لەتەک شێوازی نووسینی ڕۆمانەکەی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا نایەتەوە، کە پێشتر گوتمان، دەق لای ئەم بە یاسای خەلیفە ناڕوات، بە بەشداری خوێنەر بڵاچە دەکات، بۆیە وەک داکۆکییەک لە سێ خاڵدا ڕوونی دەکاتەوە، یەکەم هەر بە تەنیا خۆی خاوەنی ئەم تێکستە نییە، تا گۆڕینەوەی پێ بکات، دووەم هەرگیز بابەتی دەستنووسەکەمان سەودای نییە، سێیەم هێشتا سێزدە پارمان لێ نووسیبوو، ئەو ئەهریمەنە بووە هۆی داڕشتنی پاری چواردەم، لە ئاست پرنسیپەکانی نووسەردا، پیرەژن شکستی هێنا، ملی شکاند، لە دڵنیابووندا، ڕەنگ و هێڵە بینراوەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان، خۆیشی گەڕایەوە سەر تەواوکردنی کەڤاڵەکەی بۆ مەبەستێک ناوەندێکی جێ هیشتبوو.

هەنووکە ئەو بەڵێنە دەهێنێتەدی کە لە لاپەڕەی یەکەمی ئەم پاژەدا، بە خوێنەری هاوبەشی دابوو، لە چوارگۆشەکەیەوە بۆ شێوە بازنەییەکەی و چەقەکەی دەدوێت، خانی لەپزێرین و مانی، من و تۆ، هەر یەکەمان لە گۆشەیەکی کەڤاڵەکە وەستاوین، لە چەقی ناوەند دەڕوانین، خانی مێرخاس و مانی لە دوو گۆشەی سەرەوەن، ئێمەش لە دوو گۆشەی خوارەوەین، لەنێوان ئێمە و چەقی کەڤاڵەکە، بازنەیەکی مرۆڤ هەیە، ئەم بازنەیە لە سێ نووسەر و سێ زانان، نووسەرەکان (مامڵێ، ئاپۆ و سەلیم)ن، سێ زاناکان ئەوانەن کە لەپاژی سێزدەمدا، میوانداریمان کرد، خوێنەری نموونەیی بۆی تەواودەکات، پرۆفیسۆران، (هێگز، ئیڤانز و کۆکس)ن، لە کەڤاڵەکەدا هەر زانایەک دەستی دوو نووسەری گرتووە، هەر نووسەرێک دەستی دوو زانای گرتووە، دوازدە چاویشیان لە کەسێکە هێشتا ڕەسم نەکراوە، سەرنج بدە ژمارەی چاوەکان یەکسانە بە ژمارەی خاڵەکان، چاوی هەر کارەکتەرێک خاڵێک دەبینێ.

بنووس لەبری هەموویان مامەڵە لەتەک سەرجەم خاڵەکاندا دەکات، کە هیشتا ڕەسم نەکراوە، مەبەستی هێشتا چارەنووسی ئەو پیرەژنەیە کە بە بێچووە ئەهریمەن دەیناسێنێ، بۆ گریمانە، بە سێ هێڵ نووسەران ببەستین، لەنێوان سێ زاناکە، سێ هێڵ بکێشین، ئەوە دەبن بە دوو سێگۆشە، هەروەها لەنێوان جەنابت و (مانی)دا، خان و من دا، هێڵ بکێشین، ئەوە چوار سێگۆشەی یەکسان دروست دەکەین، بۆیە کەڤاڵەکەشم بە نیوەچڵی جێ هێشتبوو، چەقەکەیم بۆ گەمارۆیەکی ناپەسەند دانابوو، لە وێنەی هیتلەر، فرانکۆ، سەددام و مۆسۆلینی، ئەو بێچووە ئەهریمەنە هاتە ژوورەکەم، لەوانە زیاتر شیاوی ناوەندی کەڤاڵەکەم بوو، بەمەش کەسی یازدەمی چەقەکە ئاشکرابوو، کە هێمای چەپەڵین، کەسانی بازنەی ناوەندی، کەسانی چوارگۆشە کە فیزیا و وانەکانی ئاماژەی زانستن، نووسەرانیش سیمبۆلی وێژەن، خانی نوێنەری مێژوومانە، مانی چاوگی هونەرە، منیش ئافریدەکارم، تۆی خوێنەریش دەبیتە نموونەی گەلێکی هۆشیار، نووچدانی پێنووس، نووچدانی خوێنەرە، پێشتر گوتمان خوێنەری میتاگێڕانەوە، بەزۆرەملێ ئاوێزانی دەقی گێڕانەوەی دانەر دەبێ، ئەمەش لەو بۆشاییەوە دێ، نووسەر ڕێگای بۆ خۆش دەکات، ئەگەر بۆشایی نێو دەق نەبێ، خوێنەری گریمانەکراو ناتوانێ پڕی بکاتەوە، کەواتە عەبدوڵڵا سەڕاج دانەری دەق، دەیتوانی بە شەپۆلی هۆش، هەر لەگەڵ خۆیدا قسان بکات، وەلێ ململانێی ئەم تەنیا لەتەک خوینەر و کارەکتەری چیرۆکی میتاگێڕانەوەدا نییە، بەڵکوو لە ڕووی پرنسیپەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەگ بەدژخودی نەرسیسی دادەنێ، ئەمی مرۆڤ لە ئەوی نووسەر جیادەکاتەوە، لە مۆنۆلۆگێکدا، ئەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە، کەسێکی دی ناخی، ئەوە ڕەت دەکاتەوە ببێ بە دیکتاتۆر، گشت

کەسێک لە چێوەی خۆیدا مافی گرتنە دەستی قەڵەمی هەیە، نموونەی زیوان و گەنم دێنێتەوە، پاشان وەک بەشدارییەک ئەرکی مۆنتاجکردنی ئەم دەقەمان بە خوێنەری هاوبەش دەسپێرێ، ئاماژە بە مێژووی نووسینی یەکەم ڕۆمان دەکات، ناوی دۆنکیخۆتەی سرڤانتیسی ئیسپانی و تۆم جۆنزی ئینگلیزی ..تاد.

دێتە سەر ناوی ڕۆمانی حەکایەتی جەنگی شیکیبو مۆراساکی، دەربارەی تیشک و گەردوون، بڕێک زانیاریمان دەداتێ، بە گەڕانەوەی زەمەنی ڕابوردوو لە ئێستای گێڕانەوەدا، حەمەسەعید حەسەن واتەنی "نووسەر تەنیا سوود لە ئەفسانە نابینێ، بەڵکوو ئەفسانەش دادەهێنێ" (٤) بە وردی باس لە پاش نیوەڕۆیەک دەکات، لەگەڵ گرمەیەکدا، هەورەکان ڕەوینەوە، تارماییەک لە حەساری حەوشەکەوە، تەشەنەی کرد، خەون، ئەندێشە، فانتازیا، جیهانبینی و فەلسەفەش لەم تێکستەماندا، چەمکێکی باشی هەیە، ئەمەیان بە زیندەخەو مەزانە، با ئیبن سیرین، فرۆید، یۆنگ، ئەدلەر و فرۆم بێن بۆ ڕاڤەکاری، ئەمە هونەری ڕووداو دروستکردنە، ڕاستی دروستکردنە، تۆمارکردنی واقیع نییە، وەک خۆی، دەبا ڕۆلان بارت بێ، مەرگی ئێمە و عەبدوڵڵا سەڕاج ڕاگەیەنێ، چۆن لە سەرەتای دەقەکەیەوە، خوێنەر پرسیار لەم دەکەن، ئێستا ئەم خۆی وەک خوێنەرێک پرسیارێک ئاراستەی ڕۆلان بارت دەکات، گوایە "بەبێ دەقی وێژەیی، کەسێتی نووسەر نییە و بێ واتایە"، ڕۆمان لاپەڕە ١٣٦.

لە کاتێکدا ئەو نووسەرە دەتوانێ دەقێکی دیکە بەرهەم بێنێ، بەڵام هیچ دەقێک ناتوانێت، نووسەرێک بۆ خۆی قووت بکاتەوە، نموونەش دەقە فۆلکلۆرییەکان، با بێینەوە سەر دەقەکەمان، نووسەر تا شتێکی دیکە باس بکات، چنینی دەقەکە دەپچڕێنێ، دەبینین لە ڕۆمان و چیرۆکدا لەناوکۆی گێڕانەوەدا هەڵهێنجان، زارەگۆ، خەیاڵکردن و وێناکردن چۆن جووڵە بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی وەک میتاگێڕانەوە دەکات، کە بوونی خۆی لە خەیاڵکردنی میتاڤیکشندا دەبینێ، ئەمەش لە زۆرزانیی نووسەرەوە دێ، کاتێ هۆشمەندێکی خودی بە دەق دەدات، بەربەستەکانی نێوان واقیع و خەیاڵ تێک دەشکێنێ، ئەوەتانێ بە خەیاڵ دەچێتە خەیاڵی خوێنەرەوە، بە پێچدانەوەیەک باسی هەمان توخمی دەعەجانی دەکات، کە بە دەمامکی کیژە کافرۆشییەوە بۆ لەخشتەبردن، وا بە جوانییەوە دێتە بەر دیدەی، نووسینەکەمان لەو دوازدە تەماحەی ئەو بە چێژترە، دەیەوێ بەو هۆیەوە من و تۆی خوێنەر لەیەک بکات، بمکات بە مێردی خۆی، بۆ هاوسەرگیری بە دوو مەرج ڕێک دەکەوین، یەکەم هاوسەرگیریمان دوا دەخەین، دووەم دەمەوێ وەک هەمووی نەبێ، دەیگەڕێنێتەوە بۆ هەڕەتی لاوی، بە گەنجینەی قاروون هەر لەزێڕ و گەوهەر.. تاد، باڵاخانەکەشی بۆ دەکات بە مەرجان، لە ماڵی دنیا بێزار دەبێ، بۆ ئەوەی نەبینرێت، کاتێ کڵاوە سەخرەجندە دەخاتە سەری، لە دیمەنی قێزەونی ئەو دیوی دیوارەکان شەرم دەیگرێ، هەر لە جووتبوونی ترسناک، خیانەتی ژن و مێردان، پیلان لە ژێرزەمین، جووتێ باڵی دەداتێ تا بە کامی دڵی خۆی بەرزبێتەوە، بەرزتر تا بگات بە کۆستارەی ئەندرۆمیدا، بڕوانێتە گۆی زەوی، کە وەک پنتێک دیاربوو، دوایی چاوێکی تیژتری پێ بەخشی تا ژێرزەوی، قووڵایی ڕووبارەکان ببینێ.

گوێی لە پرتەو بۆڵەی زیندەوەرانی خوارەوە بوو، شەریعەتی جەنگڵستانە، ڕاوکەر و نێچیر، تێر و برسی، جەللاد و قوربانی، لەم ناڕەوایەدا، دڵی تەنگ بوو، هێشتا بە تلیسکۆپیش نەبینراوە، گەڕایەوە حەوشەی خۆیان، بردی بۆ مۆزەی مۆمی مەدام تۆسو، دەیان جۆر و ڕەنگ پێستی

لێ بوو، بالا لەو کەسانە بخوازە، دەتگەڕێنمەوە تافی لاوی، هەستی بە نائۆقرەیی کرد، ئێستا شووت پێ دەکەم، دەشێ لە بەهەشتیش مەردم لە زۆری پەرییان، شەراب و مێوە بێزاربن، بە دەنگێک گەڕاندمییەوە نێو دۆنی ئاسایی، دەبینم سنووری دەسەڵاتم لە چەندان کیشوەر، زەریا، ئۆقیانووس، کەنیزەک و بندەستە ترازاوە، بیرم بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەستیرانیش چوو، هەرچی میر و شای دنیا هەیە لە ڕکێفی خۆما بن، لە کاتێکدا نیگام وا زۆر بڕی دەکرد، کەپووی خۆم نەدەبینی، بە خۆم گوت ئەو هەموو تفاقە، چەک و شمەکانەم، ئەو سەرباز و لەشکرەم دژ بەکێ بجەنگێ، کە سەرانسەری دنیا لە پەنجەی تووتەمدا ئەموستیلە بێت، ئەوجا ئەو ئۆردووانە بێکار و بێ کەڵک و سەرگەردان دەبن، ئەگەر بڵاوەیان پێ بکەم زۆر ناخەیەنێ، هەڵبەت ناحەزێک کوودەتا دەکات، بە فەتارەتم دەدات، وەڕزبووم، گەڕاندمییەوە دۆخی پێشووم، خەڕەکەکە بئاژۆ، گەشتی شوێن و سەردەمانێک بکە، کە هەرگیز نەتدیون، نەتبیستووە، چاوت بکەرەوە ئەوڕۆ لە سایەی تەکنۆلۆجیاوە، فریای دنیای بە گوندکراو دەکەوم، من و تۆ ماینەوە، دوو ئەنگوستیلەی دەرهێنا با لە پەنجەی یەکتری بنێین، سرووتی ئەنگوستیلەکان بەسەرچوون، خۆمان لە باڵەخانەیەکی ڕازاوە بینی، بۆنی سمڵ، مێخەک و بخورد، مرۆیان دەورووژاند، کچە کافرۆشی هەراسانی کردم، دیقم کرد، دەمویست تامی شەرابی لێوی بکەم، مەگەر مانی توانیبێتی وێنەی چاوی بکێشێت.

هەستم کرد ناهێڵێ نە ماچی بکەم، نە لەگەڵی جووت بم، تاوەکوو ئاوە سپی دووگیانبوون ناو قەدی قەوی نەکات، پێناچێت شووی پێ کردبم، ناهێڵێ لەشولاری ببینم، بۆم ساغ بووەوە تەنیا بۆ خۆی ڕادەکات، ئاشقی خۆیەتی، ئەستەمە دەستم لەگەڵدا تێکەڵ بکات، داوێکە، بە توندی دەستیم ڕاپسکاند، بە توندی لەسەر زەوییەکە ورد و خاشم کرد، دەنگم هەڵبڕی خۆپەرست، ئەو هێشتا دژ نەبوو، تۆ هەمیشە کەیل و کاسی خۆتی، چش لە من و تەماشاوانی وێنەکەت، ناشێت بە گەمژەم بزانی، تۆ ئالۆشداری ئاوێنە و مێخەک و عەتر و خشڵەکانتی، چڕنووکی لە هەردوو مەچەکم گرت، خوێنیان لێ چۆڕا، ئازاری زۆرم پێ گەیشت، کەمتیارانە ئاوڕی لێ دامەوە، چاوەکانی چاوی ماسی مردوو بوو، ها.. ها نوێنەری گرێی شۆخەژن، هەی نالەبار، ئەو چاوەکانی خێل بوو، بۆ ئۆقرە لێ سەندنی دوایین تیرم تێ سرەواند، هەی سیسارکە کەچەڵەی تۆرەمەی ئیبلیس، گەندەڵ لاچۆ، حەوت بەرد لە دوات، ئەویش گوتی وەل بە، ملت بشکێنە، ئێرە تەلاری منە، ئەوەی گوت خۆم لە ناوەندی حەوشەکەم بینی، لە ئاست گوتراوی دەقدا پێشتر تۆ خۆت بە مەسیح و ئەوت بە بێچووە ئەهریمەن چواندبوو، لە ئێستاشدا لە کردەی ئەفراندندا قودسیەت و نەفرەت یەکسان دەکەیت، پردی هاوشێوەبوونێک چەند بە یەکتان دەگەیەنێ، ئەوەندەش جیاتان دەکاتەوە، دەنگێ لە گوێم زرنگایەوە، تۆش لە کەرەستەی ئەوی، مەبەستم لە تۆی ئافریدەکارم، خوێنەری دەلالم تۆ و من با لە یەکدی شوناس بین، با ئەو ناحەزە لە گوپی خۆی بدا، ئەوە نەماوە هەتا بۆ ئێمە هەڕەشە بێ، بەوەش ڕەوانی خانی لەپزێڕین دەسرەوێت.

کە دژەڕۆمان پابەندی پۆستمۆدێرن بێت، کاتێ نووسەر وەک ژێدەرێک سەرجەم دنیای ڕۆمان دەخاتە ژێر ئەزموونی خۆی، بایەخ بەوە نادات خوێنەر پێشبینی چی دەکات، چۆن لەسەر پردی نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا دەپەڕێتەوە، دەبینین کچە کافرۆشی وەک دلبەرێ لە پێناو ئەویندا بە

هەموو شێوەیەک دێتە پێشەوە، هەر لە بەخشینی سامان و دەسەڵات و باڵ و کڵاوە سەخرەجندە.. تاد، کەچی ئەوی دڵدار ئەو دەسکەوتانە لەبەرچاو ناگرێت، نەک بێ منەتی دەکات، بگرە لە پێناو شکستهێنانی هاوسەرگیرییەکە، پەلپی پێ دەگرێ بە خودئەوینی و نەرسیسیەت برینداری دەکات، تانووت لە سروشتی شەمەکی تایبەتی ئافرەتانە دەدات، بۆنوبەرام و ئاوێنە، لە دواجاردا بە خەسڵەتی قێزەونەوە دەیبوغزێنێ، تا ناچاری دەکات وازبێنێ، خۆی لەتەک خوێنەردا ئاشنا دەکاتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێ بوونی ئافرەت لەتەک بوونی خوێنەردا یەک نایەتەوە.

خوێنەر نەبێ دەقیش بوونی نابێت، کەواتە لە مەیانەی نووسیندا، نەرسیسییەت و تێڕوانینی عەبدوڵڵا سەڕاج دوور نییە لە بۆچوونی تۆفیق حەکیم کە دەڵێت "ئافرەت تاقە مێملی هونەرمەندە، هەروەها سەرچاوەی دوژمنایەتییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەتوانێ وەک هونەرمەند کردەی ئەفراندن ئەنجام بدات" (٥)

لە کۆتاییدا کردەی ئەوین لەتەک ئەوی دلبەر، ئەفراندن لە چوارچێوەی باڵەخانەیەکدا کۆدەکاتەوە، ئەمەش پارادۆکسی لەتەک ژیان و تێڕوانینی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا دەکات، جومگەکانی ژیانی وەک دەقی ڕۆمانەکەی پارچە پارچەیە، پێچەوانەی یەک پارچەی ئەوینە، لە باڵەخانەی تەوەرێکدا کۆکردنەوە و کۆتایی ڕەت دەکاتەوە، بێجگە لەوەی کچە کافرۆشی بە داوای هاوسەرگیری کۆتاییەک بۆ چیرۆکی ئەویندارى دادەنێ، ئەمەش لەگەڵ ئەمی نووسەردا نایەتەوە، ئەم بڕوای بەوەیە نەک ئەوین، بەڵکوو گشت چیرۆکێک نابێ کۆتایی هەبێ، دەق دەبێ ژیانئاسا کراوە بێت، نەک مەرگئاسا داخراو بێت، نابێ ئەوین ئاسا تەنیا لە خولگەی قەوارەیەکدا بخولێتەوە، هەڵبەت ئەگەر ئەم دلبەر بکات بە تاقە ئاوێنە و خۆی تێدا ببینێ، ئەی چی لە دەق بکات، کە دەق ڕوحی نەرسیسیەتی بێت، ئەی چۆن ڕەنگدانەوەی خۆی لە جەستەی دەقدا ببینێ، لە هەژموونی نەرسیسیەتی ئەویندارى چەند لە تۆفیق حەکیم نزیک دەبێتەوە، ئەوەندە لە هەژموونی "ڤیکتۆر هۆگۆ و جولێت درووییە" (٦)، دوور دەکەوێتەوە، پەنجا ساڵ ئەویندارى و هەژدە هەزار نامەی دڵداری، لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئەمی نووسەر بە کردەی خستنەسەر داکۆکی لە خود دەکات، لەبری ئەوەی ئەو خەسڵەتانە بە خۆی بڵێت، کەچی ئەوی دلبەری پێ تاوانبار دەکات، کە خۆی لە سزادانی ئەودا دەبینێ، هەوێنی ڕقێک دەگرێتەوە، بەوەی بۆ خۆی ڕادەکات، ئاشقی خۆیەتی، بە خۆپەرست بانگی دەکات، خاڵێکی تر لە دوو مەرجەکەی هاوسەرگیری، یەکەمیان دواخستنی هاوسەرگیرییان بوو، پێشخستن و کرانەوەی دەق و کۆتایی ئەوی دلبەر بوو، چونکە ڕادەستبوون بە دلبەر، واتا لەدەستدانی نەرسیسیەتە.

دەکرێ بەهرەی نووسینی لە دەست بسێنێ و بە چەمکی موقەدەس، دۆگمابوونی ئەشق وێرانی بکات، ئەمەش لە تەک چەمکی پۆست مۆدێرن و دژەڕۆماندا نایەتەوە، کە بڕوای بە ڕێژگەرایی و بێکۆتابوون هەیە، لە دووەم مەرجدا کە پێی دەڵێت وەک هەموو نەبێ، مەبەستی لەو جۆرە ئافرەتە نەبێ، بە ویستی پیاو پشتاوپشت نەخشەی بۆ کێشراوە، هەمیشە لە ئارەزووەکانی پیاودا چەقیون، خۆیان دووبارەدەکەنەوە "جۆرێک بوون لە ژندا هەیە، کە لە ژندا کۆتایی نایە" (٧).

نووسەر باس لە شێوازی نووسینەکەی دەکات کە بەلادان، خاوکردنەوەی گێڕانەوە نابێ هەناسەسواربن، چونکە ئەم بناغەکانی دەقی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنی داناوە، ئەم دەرگای قەسابخانە بۆ دەق ناکاتەوە، لاشەی دەق بۆ

شـوێن، کات، گێڕانـەوە، کەسـێتی و هێما..تـاد پارچـە پارچـە نـاکات، گـەر ئەمانـە پێکهاتـەی ڕۆمـان بـن، ئاخـۆ چیـی گێڕاوەتـەوە، گۆشـەنیگا لەمـەڕ ئاییـن، ڕەنـگ، بـە جیهانکـردن.. تـاد، دەق مێلۆدییەکـە گوناهـ پـەرت بکرێ، سـیمبۆل و خوێندنـەوەی نەگوتراوەکانـە، بـە جوانسـازی ئـەم دەقەمـان لـە بـواری فەلسـەفە و جیهانبینـی، خۆمـان دابـەش کـردە سـەر هونـەر، داسـتان، ئـەدەب ..تـاد، لـەو پـازدە پـاژەدا، وێنەگەلێکمـان نمایـش کـرد، وەرە بـا بیـر لـە کۆتاییەکـی نابـاو بکەینـەوە، ئەمـەش دژوارە، ڕەنگـە کۆتاییەکـی جیـاواز لەوانـی دی بخـوازێ، بـە نموونـە کۆتایـی بابەتێکـی شـێوەکاری، یـان ئەدەبـی، لـە ڕوانگـەی مانـی، سـێ کووچکـەی سـەلیم، ئاپـۆ، یەشـار و ماملێ، هەڵبـەت لای ئێمـەش چۆنیـەک نابـن، بـە دیوێـک گرێدانـی ئـەدەب و هونـەر، بـە داسـتان و ئەفسـانە، مێـژوو بـە دیوێکـی تـر بـە لۆژیکـی زانسـتەوە بنیـادی میتافیکشـن، ئـەدگاری شـێوازە، تەکنیکەکانـی دژەبـاوە، واز لـە کۆتایـی بێنـە هۆشـم لای شـێوە کتێبێکـە، پـارەکان بـە گوێـرەی خۆیـان کۆتاییـان دڕانـدووە، واتـا چەنـدان کۆتایـی جیـاواز لـە ئارادایـە، بۆیـە نـاوی دەنێـم ناکۆتایـی.

ئـەم دەقەمـان کراوەیـە، بێکۆتایـە، وا دیـارە عەبدوڵـڵا سـەڕاج کافـکا ئاسـا ڕێسـا باوەکـەی گێڕانـەوە دەشـکێنێ، هیـچ ناوێـک بـە خوێنـەری پەنهانـی نـادات، هـەر جـارەی بـە خەسـڵەتێک ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەتانێ بە دانپێنانـی خـۆی، مـن تەنیـا بـە خوێنـەر ئامـاژەم بـۆ کـردووی، بـە گۆڕینـی ئاوەڵنـاوەکان هێـژا، دەلال، جەنـاب، بەڕێـز ...تـاد، چونکـە تـۆم بـە نوێنـەری خوێنەرانـم داناوە، هەتـا ئـەم دەقـە مابێـت، مـن تـۆ دەگێڕمـەوە، تـۆ مـن دەگێڕیتـەوە، ئاخـر دەق دوو دیـوی هەیـە، یەکەمیـان دەرەکیـی ڕواڵەتییـە، وەهـم و توێکڵـە، دووەمیـان قووڵایـی زەینـی سـیمیائییە، ماهییـەت و کاکڵـە، سـەلیم دێتـە خـەوی " زمـان خـەون ئەندێشـە چڕبوونـەوەی ڕەمـز و هێماکانە"ڕۆمـان لاپـەڕە (١٥٢)، گێڕانـەوە وەلاخسـتنی بێدەنگییـە، پێکـەوە بـە کۆنسـێرتی پیانـۆی شـۆپان، کەمانچەکـەی بـاخ لـە چـوار وەرزی ڤیڤاڵـدی چاومـان بڕییـە مانگەشـەوی بتهۆڤـن، باوەشـی حەزمـان بۆ عایـدەی ئۆپـرای ڤێـردی کـردەوە، چ خەونێکـی فانتازیـا بـوو.


ژێدەرەکان:

١- ماڵپەڕی ئینتەرنێت لەسەر میتاسەرد.

٢- عەبدوڵڵا سەڕاج، ئەفسانەی ڕەنگستان، چاپخانەی ڕۆشـنبیری، چاپـی یەکـەم، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان، بەڕێوبەرایەتـی گشـتی ڕۆژنامەنووسـی و چـاپ و بڵاوکردنـەوەی هەولێـر، سـاڵی ٢٠١٠.

٣- لـە ماڵپـەڕی ئینتەرنێتـەوە وا پێناسـەکراوە: متبوونـی گشـتی کـە لەپـاش لێکدانەوەیەکـی قـووڵ پێـی دەگات چێتر دەرەوە کاریگـەری لەسـەر نامێنێ، بەجەسـتە و زەیـن لـە دنیـای دەرەوە جیادەبێتـەوە، ئامانج بارگاویکردنـی ڕوحـە بـۆ بەگیرخسـتنی حـەز و بەختـەوەری، کوشـتنی شـەهەواتە.

٤- حەمـە سـەعید حەسـەن، ڕۆمـان و ژیاننامـە، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سـاڵی ٢٠١٨، لا ٢٦٠.

٥- جـورج طرابیشـي، لعبـة الحلـم والواقـع، دار الطلیعة، بیروت، الطبعة الاولی، سنة ١٩٧٢، ص ١٠٥.

٦- سمیر شیخاني، اشهر رسائل الغرام، دار النهار للنشر، بیروت، ١٩٧٣، ص ٣٧.

٧- بەختیار عەلی، دوا خەندەی دیکتاتۆر، چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٢٠، لا ٢٣٨.